# ئایا کێشەکانی هەرێم چارەسەر دەبن!؟

## عوسمان حاجی مارف

ڕۆژ نیە لە میدیاکانەوە دەربارەی کێشەکانی هەرێم نەبیستین، چەندین هەواڵ و ڕاپۆرت و وتارلە دیدگای جیاوازەوە سەبارەت بەو کێشانە دەخوێنینەوە،کە سی ساڵ زیاترە ئەم حاڵەتە دۆخی کوردستانی داگرتووەو سەرقاڵیەکی ناجۆروقێزەوەنی وەهای خوڵقاندوە، کە هەمیشە دودڵی و دڵەرواکێ و نائارامی لە ناو خەڵکدا پێکهێناوە. هەڵبەتە گومانی تیا نیە پاش جەنگی کەنداوو داگیرکرنی عێراق لەلایەن هێزە سەربازیەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە، گێژاوو ناجێگیری سیاسی لەماوەی ئەم سی ساڵەدا بۆتە حاڵەتێکی دیفاکتۆی بنەمای ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی عێراق و کوردستان. هەروەها ماوەبەماوە، ساڵ دوای ساڵ، ئەم هەلومەرجە لەسایەی ڕۆڵ و نەخشی ئەمریکا و دەخالەت و بەرژەوەندی ووڵاتانی ناوچەکەوە، کێشمەکێشی ووڵاتانی زلهێزی دنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها جێگاو ڕێگای هێزە میلیشیاکانی دەسەڵاتدار لە عێراق و کوردستاندا، دۆخەکەی لە حاڵەتێکی نالەبارترو ئاڵۆزترو بێ ئاسۆیی زیاتردا نیشانداوە.

بەمانایەک کێشەکانی هەرێم، جا هەرکەس هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ ببینێتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە، سی ساڵ زیاترە مۆتەکەیەکە بە سەر سنگی خەڵکی کوردستانەوە، قورسایی تەواوی لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکە داناوە، کە لە بێچارەیی و بێئومێدیداهەمیشە ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدان لەبەرامبەر ئایندەیەکی ناڕۆشن و نادیاردا، لەهەمانکاتدا کێشەکانیش نەک چارەسەر نابن بەڵکو جار لەگەڵ جار ڕوخسارێکی پێچیدەترو تاریکتر و بنبەستر دەنوێنێت.

مەسەلەیەک کەپێویستە بەدیاریکراوی ئاماژەی پێ بدەین، دەستنیشانکردنی خودی کێشەکانە لە هەرێمدا، واتە بەرلەوەی بگەینە ئەو پرسیارەی ئایا کێشەکان چارەسەر دەبن؟ واتە پێویستە لە خودی واقعیەتی کێشەکان و پیکهاتەکانیەوە ئەنجامگیری بدەین بەدەستەوە.

ئەوەی لە ڕواڵەتدا نمایش دەکرێت ئەو گرفتانەیە کە لە مەیدانی سیاسی عێراق و کوردستاندا هێزە سیاسیەکان لە سەر پێکهاتنی حکومەت و ناوچەی نفوزو نەوت و بودجە و بازرگانی وەبەرهێنان..هتد پەیوەندی و دانوسان و گفتوگۆو کێشمەکێشی بەردەومیان هەیە. لەڕاستیدا ئەمانە بۆخۆیان کێشەی پەیوەندی و بەرژەوەندی نێوان ئەو حزب و هێزە سیاسیانەن کە

دەموچاوی حکومەتی کوردستان و عێراق پێک دەهێنن. هەڵبەتە کێشەیەکی واقعین کە بەدوای جەنگی کەنداوەوە وەک هێزی میلیشیای تاڵانچی لە سەر شانۆی سیاسی کوردستان و عێراق بونەتە هێزی کاریگەرو  بنەڕەتی لەسەر دیاریکردنی ئایندەی سیناریۆیەکی پڕ لە گێژاوو نائارامی سیاسیدا. واتە کێشەکانی هەرێم وە لە هەمانکاتدا کێشەکانی عێراقیش بەجیا لە هەر هەلومەرجێکی سیاسی و کاریگەری کێشمەکێشی ووڵاتانی زلهێزی دنیا لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە، حزورو رۆڵی حزبە ناسیۆنالست و ئیسلامیەکانیش ڕۆڵێکی تەواو نەرێنی و نەخوازراوو وەها نائیسانیان دیوە کە دەتوانین لە بەرامبەر مامەڵەیان بە تەواوی کێشەکان و نالەباری دۆخەکەدا بەرپرسیارو تاوانباریان بکەین. بە مانایەک بنەمای کێشەکان لەماوەی سی ساڵ زیاترە، حزبەکانی کوردایەتی دەسەڵاتدار بەتەواوی پێکهاتەو ئۆپۆزیسیۆنەکەشیانەوە، بۆ خۆیان خۆدی کێشەکانن و فاکتەری کێشەکانیشن.

بۆنمونە، لەهەر ئاستێکدا باسی پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی بکرێت، لە ڕێکەوتن یا ڕێنەکەوتن، هیچ کات مایەی ئۆمێدی کۆتاییهێنان نەبووە بە ناجێگیری سیاسی لە کوردستاندا، واتە لە نێوان خۆیاندا لەهەر حاڵەتێکی پەیوەندیدا بوبن، کاریگەری ئەرێنی کە بە قازانجی ئارامی و ژیان و گوزەرانی دۆخی خەڵکی کوردستان بێت ڕوی نەداوەو ڕوش نادات.

پارتی و یەکێتی وەک دوو هێزی میلیشیایی مافیا ئاسا لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا تەنها گوزەراندنی گەمەی سیاسی و بەرامبەرکێیان بۆ هەوڵدانی ڕاگرتنی بەڵانسی نفوزو هێزی سیاسی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەو تاڵانچێتی بووە، ئەو هەوڵدانەیان بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی هێزەکانیان و ئاستی کاریگەری چونیەتی گەمەکانیان جێگەوڕێگای سیاسی دیاریکردون، کە بەگشتی لەو بوارەدا پارتی توانیویەتی هەمیشە فشار بخاتە سەر یەکێتی ومەوقعیەتی باڵاتری خۆی لە پرۆسەی بەردەوامی کێشمەکێشیاندا بپارێزێت و لە ئاستێکی دیاریکراودا گرەوی لە یەکێتی بردۆتەوە هەوڵەکانی پارتی لەم گەمەیەدا بەردەوام لە ڕاستای بچوککردنەوەو لاوازکردنی یەکێتیدا بووە، وە تا ئێستاش ئەم گەمە سیاسیەیان نەوەستاوەو ناوەستێت، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا ئاشکرایە کە یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی لە بەردەم چ واوەیلایەکی هێرشەکانی بنەماڵەی بارزنیدا گیریان کردووە. نادیارە کە ئایا بەرگە دەگرن یان نا، وە تاکەی ئەتوانن بەم شێوەیە بمێننەوە؟! لەلایەکی تریشەوە کێشەکانی هەرێم و حکومەتی ناوەند هەر لە هێنان و بردن و بێسەرەوبەریدایەو گرێ کوێرەیەکە ناکرێتەوە.

ئەتوانین ئەوە دەست نیشان بکەین کە ئەم شەڕو کێبرکێ و ململانێیەی نێوان پارتی و یەکێتی، بارزانی و تاڵەبانی، زۆنی زەردو زۆنی سەوز، یان بەجۆرێکی تر بڵێین کێشەکانی هەرێم، گرفتێکی بنەرەتی و گەورەی دۆخی نائارامی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی عێراقەو بێ کۆتاییە، کێشەیەکی بێ چارەسەرە، بێ چارەسەرە بەو مانایەی تا ئەو دوو هێزە سیاسیەی بزوتنەوەی کوردایەتی لە مەیدانی سیاسیدا وەک دوو هێزی میلیشیایی دەسەڵاتدار بونیان هەبێت، کردنەوەی دەرگای ئاسۆیەکی گەش مەحاڵە. ئەمەش ئەزمونی دەسەڵاتی سی ساڵەیان ئەوەی سەلماندوە کێشەکانیان بێ چارە دەمێنێتەوەو بارێکی گرانن بەسەر ژیانی خەڵکەوە.

ئەم دۆخە لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا ناچارمان دەکات بڵێین تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان و دابینکردنی ئارامی سیاسی و ڕزگاری خەڵکی کوردستان، ئەویش کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی.